گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژماره ( ٩) ساڵی ٢٠٠٢ بەشی B لاپەرە ( ٣٥ – ٤٤ )

# وێنە شاراوەکان

# لێکۆڵینەوەیەکە پشت بە تیورەکانی دوای بونیادگەری دەبەستێت

پرۆفیسۆر د. ظاهر لطیف کریم

کۆلیژی زمان زانکۆی سلێمانی

## دەروازە

بەر لەوەی بچینە نێو کرۆکی بابەتەکەمانەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە :

- ئەو مانایەی شاعیر بەدوایدا دەگەڕێت کۆمەڵێ ماناو یاسای لاوەکی تر لەخۆ دەگرێت (١)
- شاعیر دەتوانێت لەنێو دەقێکی بچوکدا - وەك ئەم بەیتەی گۆران کەبابەتی لێکۆڵینەوەکەمانە - گشت مەرامەکانی خۆی ئەنجام بدات بەبێ ئەوەی بچێتە نێو وردەکارییەکانی مێژوو، کەلتوور، رێباز.. هتد (٢)
- دەقی ئەدەبی، بەتایبەتی شیعر، دوو مانای سەرەکی دەبەخشێت:

یەکەمیان : گشتی

دووهەمیان : تایبەتی

لەنێو ئەم دووانەدا پەیوەندییەکی بەهێز هەیە ئەویش خۆی لە دروستکردنی گشت لەبەشە تایبەتییەکاندا دەبینێتەوە(٣) بەم پێیە، وەك ولیم رای بۆی دەچێ، ماناکان لە پێناسەیەك زیاتر هەڵدەگرێت(٤)

- دەقی ئەدەبی، بەتایبەتی شیعر، لەیەك کاتی دیاریکراودا، بریتییە لەکۆمەڵێ هێما ( sign )و هەریەکەیان پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە هەر وەك بونیادگەرییەکان لەکارەکانیاندا ئەنجامیان داوە(٥).

لەشیعرە هەمەجۆرەکانی گۆران دا، بەیتە شیعرێك هاتووە دەست نیشان کراوە بە یەکەمی یەکەمین غەزەلی شاعیر کەلەسەردەمی منداڵیدا گوتویەتی :( ٦ )

لەتاوی فیرقەتی یارم دڵم دائیم پەریشانە
وەکو مەجنونی حەی وێڵی کەژو دەشتو بیابانم( ٧ )

ئەم بەیتە خۆی لەخۆیدا شیعرێکە، چیرۆکێکە ؛ لەکۆمەڵێ ئەزموون و وێنەی بینراوو شاراوە دروست بووە. گەڕان بەدوای ئەم ئەزموون و وێنانە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کەهێزی ئەم بەیتە کەمتر نەبێت لەهێزی (قیس لیلی)ی عەرەب و (مەجنون لیلی)ی ئەدەبیاتی فارسی و تورکی و کوردی( ٨ ). بەیتەکە پانۆرامایەکی ئێش و ئازارو داب و نەریت و یاسا کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکانە.. هەروەها، هێزی دەستەڵات و سەرکوتکردنی چینی لاوازو ململانێی نێوان تاڵی و شیرینی و، سۆزو عەقڵ، دەستەڵات و جەماوەر، یۆتۆپیاو گەندەڵی کۆمەڵایەتییە.

- هۆی هەڵبژاردنی ئەم بەیتە دەگەڕێتەوە بۆ:

یەکەم: توانا و سەلیقەو داهێنانی گۆران هەر لەسەرەتای ئەزموونی شیعرییەوە؛ چونکی بەلای هەرە زۆری نووسەرو رەخنەگرانی شاعیرەوە، سەرەتای شاعیر بەشێکە لەلاسایی کردنەوەی دەقە کۆنەکان و هێزو کەسایەتییەکان لاوازن، کەوا نییە.

دووهەم: چوونە نێو بازنەی تیورەکانی دوای بونیادگەری و پراکتیزەکردنی، لێرەدا بەبچوکترین یەکەی شیعر دەتوانرێت ئەم کارە ئەنجام بدرێت.

خۆ ئەگەر بونیادگەری بریتی بێت لە :

- توێکاری دەق لەڕێگەی ئاماری ئاوەوەو دەرەوەی وشەو فرەیزو دەنگو فۆنیوەو بڕگەو رستەو پەیوەندییەکانیان.
- لێکۆڵینەوەی فاکتەرە سایکۆلۆژیو سوسیولوژیو فیکرییەکان لەڕێگەی یەکەکانی زمانو دووبارە ڕێکخستنەوەیان(٩)
- گواستنەوەی بێ ئاگایی بۆ ئاگایی لەڕێگەی مامەڵەکردنی زمانو کەرەستەکانی(١٠)
- کرداری بنەمای مانا(١١)

ئەوا ئەرکی دوای بونیادگەری خوێندنەوەو دەست نیشان کردنی وێنە شاراوەکانە کە دەکەونە نێو دێڕەکانو وشەکانو فریزەکان.. داماڵینی مانای وشەی تاکو رستەکانە.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەشاعیر یان هونەرمەند هەموو نهێنییەکانی دەقەکانیان ناخانە بەردەم خوێنەرەوە، خۆ ئەگەر وەها نەبێت ئەوا ئەو پارچە شیعرو هونەرانە بێ بەهاو بێ نرخ دەمێننەوە. T.S. Eliot کەشیعرە بەناوبانگەکەی ((The Waste Land)) نووسی، زۆر لەخوێنەرو تەنانەت رەخنەگرانیشەوە کەوتنە قسە لێی بەو بەڵگەیەی مانا بەخش نییەو لێی تێناگەن.

بەڵام Eliot بەم شێوەیە بۆمان دەدوێ:

" شارستانێتی ئێمە چەندین شێوازی جۆراوجۆرو ئاڵۆز لە خۆدەگرێت. ئەم شێوازی جۆراوجۆرو ئاڵۆزییە، کەرۆڵێکی گەورە دەبینێ لە دروستکردنی هەستیارییەکی بەرزدا، پێویستە دەرئە نجامەکەشی بەهەمان شێوە ئاڵۆز بێت، شاعیر پێویستە زیاتر گشت گیرو چڕو چوستو ناڕاستەوخۆ بێت، ئەمەش لە پێناو بەرجەستەکردنی زمانە، گەر پێویستکا ئاڵۆزکردنی زمان، لەماناکانیدا"(١٢)

لەڕێگەی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە کاری لێکۆڵینەوەکەمان ئە نجام دەدەین:

- ڕێبازی رۆمانسی
- میتۆدی لیریک
- هونەری دراما (بابەت، ململانێ، کەسایەتی، کات، شوێن، گفتوگۆ)
- هونەری چیرۆک (سەرەتا، ناوەند، کۆتایی)
- دابڕانو مەنفا
- تیوری هاوتاکردن
- ئەزموون (ئەدەبی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئەندێشەیی)

بەم پێیە فەزای بەیتەکە گەلێک بابەتو تیور لەخۆ دەگرێتو شاعیر بەخێراییەکەی میعراجو Divine Comedyو رسالە الغفران کارەکەی ئە نجام داوەو رونکردنەوەو باس کردنەکەی خستۆتە ئەستۆی ئێمەو رەخنەگرانەوە.

- ڕێبازی رومانسی:
- لێرەدا لەرووی سیاسیو فیکرییەوە ناڕوانینە ئەم ڕێبازە.
- ئەوەندە هەیە عەقڵی کلاسیکی، بەهۆی فاکتەرەکانی تری کلاسیکییەوە، هەرەسی بەسۆزو ئەندێشەو خۆشەویستی پلاتۆنی هێنابوو.. رۆمانسیەت بۆ گەڕاندنەوەو بەدەست هێنانی ئەو کەرەستانە کەوتە ململانێ لەگەڵ ئەو عەقڵەو فاکتەرەکانیو زەمینەیەکیش هەڵکەوت کەسەرکەوتن بۆ ڕێبازی رۆمانسی بێت. ئەم بەیتەی گۆران لەبازنەی ئەم ڕێبازەدا دەخولێتەوەو توخمە سەرەکییەکانی ئەم ڕێبازەی لەخۆ گرتووە وەك خۆشەویستی پلاتۆنی، سۆزێکی ڕاستەقینە، ئەندێشە بۆ دواوە، بۆ پێشەوە- دابڕان، سروشت، خود، یوتۆپیا، چێژو توێژ...

- خۆشەویستی‌یە پلاتۆنییەکە لەوێدا بەدی دەکرێت کەشاعیر هەر لەسەرەتادا کەوتۆتە کەوانەی ئەو جۆرە خۆشەویستییەوەو وای خواستووە کەلەتاو دابڕانی یارەکەی هەمیشەو دائیم دڵی پەریشان بێتو وەکو مەجنونی شێت وێڵی کەژو دەشتو بیابان بێت.

- ڕێژەی سۆزەکەی گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی دڵی دائیم پەریشان بێتو وەکو مەجنونیش وێڵی کەژو دەشتو بیابان بێت کەئەمە ڕێژەی سۆزەکەی بەشێوەیەکی لۆجیکی دوا بەدوای یەك بەهێز کردووە.

- ئەندێشەکەشی بۆ دواوە لەمەجنون و ئەزمونەکەیدا خۆی دەنوێنێ و لە "حەی"شدا بۆ ئێستاو داهاتوو.

- شاعیر، لەرێگەی وێلی کەژو دەشتو بیابان، لەکۆمەڵگا دادەبڕێتو، وەك هەڵهاتن، بەرەو کەژو دەشت و بیابان دەڕوات..

- خودی شاعیریش بەئاشکرا لە "یارم، دڵم، دائیم، وێلی" دەردەکەوێت کە پیتی "میم" زیاتر ڕەنگدانەوەی ڕدمێکی غەمناك نیشان دەدات.(١٣) بۆئەم حاڵەتە، ڕەنگە، شاعیر بۆیە ئەو سێ فەزایەی- کەژو دەشتو بیابان- هێناوەتە لەبەر گەڕانێکی بێ وچان بەمەبەستی یوتوپیا. چین و توێژەکەشی، وەك دواتریش ڕونمان کردووە، لەنێوان دوو هێزدایە- سەرمایەدارو هەژار. پاڵەوانی ئەم چیرۆکەش، کەشاعیر خۆیەتی، خۆی لەنێو چینە هەژارەکەدا دەبینێتەوە.

## - میتۆدی لیریك

- لیریك دەربڕینی هەستی تاکە کەسە لەنێو کەوانەی خۆشەویستی و ئێش و ئازارەکانیدا(١٤).. "لەتاوی فیرقەتی یارم" هەستی ناڕەحەتی خود نیشان دەدات لەبەر ئەوەی شاعیر-خود- دابڕاوە لەیار. "دڵم دائیم پەریشان" جۆری هەستوئازارەکە گەورەتر دەکات. هەتا بەرەو "وێلی کەژو دەشتو بیابان" بچین فەزای ئازارەکان گەورەتر دەبێت. بەم شێوەیە شاعیر بەشێوەیەکی سروشتی، بەبێ ئەوەی هیچ تەوژمێك بخاتە سەر هەستەکانی، مامەڵەی لەگەڵ هەستەکاندا کردووەو خودی خۆشی تواندۆتەوە لەنێو ئەو هەستانە.

## - هونەری دراما

لەم بەیتەدا، بەئاشکرا، هیچ توخمێك لەتوخمەکانی دراما بەدی ناکرێت، بەلاّم بەهۆی پەیوەندی خودی شاعیر بەچیرۆکی (مەجنون لیلی) لەبیرەوەرییەکا نماندا توخمەکانی درامامان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دێنێتەوە یاد، شاعیر بەهۆی هێزی سۆزەکەیەوە نەیوستووە، بۆ جارێکیتر، بمانخاتە نێو بازنەی ئەو چیرۆکەو وردەکارییەکانییەوە، لێرەدا ئەزموونی مێژوویی و ئەندێشەیی فاکتەری یاریدەدەرن بۆ ئەو هێزی سۆزە.

بەیتەکە، تێکڕا بابەتێکی ویژدانی لەخۆ گرتووە، لەچەند کەسایەتییەکی سەرەکی و ناسەرەکی پێکهاتووە وەك خودی شاعیر، پاڵەوان و خۆشەویستەکەی لەگەڵ ڕێگرەکاندا، ململانێکە لەنێوان:

- هێزی دەستەڵاتو چینی هەژارو جوتیار
- هێزی لوتکە (ڕادەی سۆزو خۆشەویستی) لەگەڵ ڕێگرەکان

- کات لەبەیتەکەدا- چیرۆکەکەدا- سەردەمی پاشایەتییە کەهێزی دەستەڵات هەمیشە لەدژ چینە نزمەکان کاریان دەکردو ئاغاو دەرەبەگەکانیش لە پێناو بەرژەوەندی میتریاڵی خۆیاندا ئەڵقە لەگوێی سستمی کارگێڕی پاشایەتی بوون و لەململانێیەکی هەمیشەییدا بوون لەگەڵ جووتیاردا.

هەروەها، لەو کاتەدا داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی نالەبار کەهەمیشە ڕێگر بووە لەبەردەم یاسای خۆشەویستی ڕاستەقینەدا.

هەر ئەو کاتە پڕ بووە لەئێش و ئازاری بێ کۆتایی وەك شاعیر دەڵێت(( دڵم دائیم پەریشانە )).
جێگاکەش کوردستانەو رەنگە دەقەری هەڵەبجە بێت، چونکی سەرەتای ئەزموونی خۆشەویتی شاعیر لەم جێگایەدا سەری هەڵداوە (١٥)

## هونەری چیرۆك

لێرەشدا، بۆ جارێکی تر، بەئاشکرا هونەری چیرۆك بەدی ئاکرێت، بەخوێندنەوەی بەیتەکە ئەم بۆ چوونانەمان لا دروست دەبێت:
خوێنەر ئەو هەستەی لا دروست دەبێت کەبەیتەکە بابەتێك و کۆمەڵێ رووداو لەخۆ دەگرێت و سەرەتا بە پەیوەندی خۆشەویستی و ژووان و گفتوگۆو ژیان و ئایندەی دەست پێدەکات، دواتر بەرەو گرێکان و رێگرەکان و لەکۆتایشدا کردنەوەی گرێکان و هەرەس هێنانی پەیوەندی و خەونەکانی.
هەروەها خوێنەر ئەو هەستەی لا دروست دەبێت کە بابەتەکە چەند توخمێکی وەك: (کەسایەتییەکان، کات و شوێن و گفتوگۆ) لەخۆ دەگرێت.
لەلایەکی ترەوە زنجیرە لوجیکییەکەی: کەژ ◄ دەشت ◄ بیابان= بەسەرەتا ◄ ناوەند ◄ کۆتایی
کەژ= سەرەتاو لوتکەی هێزو خۆشەویستی.
دەشت= خۆشەویستی لەنێو چەقی گێژاو گرفتەکاندا.
بیابان= کۆتایی هێزو خۆشەویستییەکە لەرێگەی رێگرەکانەوە.

## دابڕان و نامۆیی

روسو دەڵێت (( نامۆیی ئازادی زەوتکراوە ))(١٦)
هیگل دەڵێت ( جیابوونەوەو هەرەس هێنانە )(١٧)
مارکس دەڵێت ( نامۆیی دابڕانی مرۆڤە لەخۆی و کۆمەڵ )(١٨)
ئەمانە تێکڕا لەنێو بەیتەکەدا بەدی دەکرێت. بەهۆی باری کۆمەلایەتی و داب و نەریت.. شاعیر ئازادییەکی لێ زەوتکراوە ئەویش زەوتکردنی بنەمای خۆشەویستی و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکەیە ئەو مافەی ئەدراوەتێ کەژیانی خۆشەویستی و پەیوەندی کردنی لەگەڵ ئافرەتا بگوزەرێنێ.. شاعیر، دوای ئەوەی خواست و ئامانجەکانی بۆ ناچێتەسەر، تووشی هەرەس و نامۆییەکی دەروونی دەبێت کەناتوانێت خودی خۆی بەرجەستە بکات و پەیوەندییەکانی نێوان خودو دەرەوەی خود نامێنێ و ، دواتر، تەواو رەشبین دەبێت لەکاتێکدا دەڵێت: (( وەکو مەجنونی حەی وێڵی کەژو دەشت و بیابانم )) بەم پێیە، خودی شاعیر، وەك کەسانێك ناگونجێ لەگەڵ ئەو ژیانەی کەبەدوایدا وێڵە. لێرەدا هۆش و هەستەکان بەرەو فەوتان دەچن و خودیش دادەبڕێت لەکۆمەڵگەو ملی رێ دەگرێت بەرەو کەژو دەشت و بیابان و لەهەموو مافێکی ژیان بێ بەری دەبێت. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کەدابڕان و نامۆیی شاعیر باروودۆخێکی سەختی دروست کردووە لەسەر هەستی و برینداری کردووە.

## تیوری هاوتاکردن

لەنێو بەیتەکەدا ئەم هێزانەی خوارەوە هاوتاو یەکسانن:
- هێزی دێری یەکەم= هێزی دووهەم لەرووی:

خۆشەویستی، سۆز، ئەزموون، ئێش و ئازار
- هێزی شاعیر= هێزی مەجنون لەرووی:

ڕێژەی دەربڕین و سۆزو خۆشەویستیو ڕاستییەکان.

- ئەزموونی شاعیر= ئەزموونی مەجنون لەڕووی:

ئەندیشە، کۆمەڵایەتیو مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتو ڕووداو ململانێو سەرەتاو ئەنجام.

- هێزی وشەی فیرقەت= هێزی وشەی پەریشان

کەئەمسەرو ئەوسەری دێڕی یەکەمیان گرتووە.

- هێزی وشەی مەجنون= هێزی وشەی بیابان

دیسانەوە ئەمسەرو ئەوسەری دێڕی دووەمیان گرتووە.

- هێزی کەژ= دەشتو بیابان
- دەشت= کەژو بیابان
- بیابان= کەژو دەشت

ئەمانە تێکڕا شوێنێ پەیوەندییەکی سایکۆلۆژیو سوسیولۆژیو فیکریان دروستکردووەو کاریان کردۆتە سەر دەروونی شاعیر، خۆ ئەگەر لەئەدەبیاتی عەرەبیو فارسیو تورکیو کوردیدا بەتاك باس لەو فەزایانە کرابێ ئەوا لای گۆران، بەهۆی هەڵچوونە دەرونییە سۆزدارییەکەیەوە پەلی بۆ هەرسێکیان هاویشتووە.




ئەگەر سەرنجی وشەی "دڵم" بدەین، کە کەوتۆتە نێوەندی دێری یەکەم، ئەوا دەبینین کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ: فیرقەت، یار، پەریشان، مەجنون، وێڵ واتە لێرەدا، دڵ مانای چەقێتی وشە(١٩) دەگرێتەوەو هەموو پەیوەندییەکانی بەیەکەوە گرێ داوە. بەمانایەکی تر "دڵ" لێرەدا دەروازەیەکە بۆ بابەتو ناوەرۆكو وشەکانی تر.

زەمەنی شاعیر= زەمەنی مەجنون لەڕووی:

ئەزمون، مێژوو، دابو نەریتو بارە کۆمەڵایەتییەکەوە.

زەمەنی شاعیر= زەمەنی مەجنون= بەردەوامی خۆشەویستیو گرفتەکانی ئەویش بەبەکارهێنانی وشەی"حەی" کەئەمری بابەتەکەمان بۆ نیشان دەدات وەك ئەنجامیش ئەزمونێکی تاڵە.

لێرەدا، وشەی"حەی" بۆچونێکی تر لەخۆ دەگرێت ئەویش نەخۆشی دەروونی کۆمەڵو تاکە کەسە کەدەبنە ڕێگر لەبەردەم پەیوەندییە خۆشەویستییەکان. تەنانەت هۆشیاریو پێشکەوتنی کۆمەڵگە سوود بەخش نابێت. لەکۆمەڵگەکەماندا، تاکو ئەمڕۆش، هەمان بابەتو ئەزموون دووبارە دەبنەوە.

# ئەزموون

ئەزموون لای رینیه ویلك بریتییە لەئەزموونێکی مرۆڤایەتی کەزیاتر لەشیعری لیریکدا دەبینرێت کە پڕە لە سۆزێکی ڕاستەقینەی خودی تاکەکەسی(٢٠).

العقاد وغنیمی هلال یش وای بۆ چوون کەئەزموون دارشتنێکی هونەرییە لەئەزموونێکی مرۆڤایەتیدا.(٢١) واتە وێنە شیعرییەکان، خۆی لەخۆیدا ئەزموون دروست دەکەن و کاری داهێنانی شاعیریش لەو پەیوەندییەدا لەدایك دەبێت.(٢٢)

لەم بەیتەی گۆران دا کۆمەڵێك ئەزموون بەدی دەکرێت:

## - ئەزموونی ئەدەبی

- بەیتەکە تێکڕا بریتییە لەئەزموونی خودی شاعیر بەرامبەر هەستێکی ڕاستەقینەی خۆشەویستی کەبەفۆرمێکی هونەری دارێژراوە. ئەم بەیتە لەچەند وێنەیەکی جۆراو جۆر پێکهاتووە وەك: وێنەی سۆز، ئەندێشە، دابڕان و نامۆیی، گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا، وێنەی ئێش و حەسرەت و دڵێکی بریندارو شکاو زوێتکراو کەئەمانە هەموو وێنەی کەسایەتی خودی شاعیریان دروست کردووە.

## - ئەزموونی مێژوویی

- لەمێژوودا گەلێ ڕووداوی جۆراوجۆر بەدی دەکرێت (سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، ئەدەبی، هونەری..هتد). مێژوونووسان بە پێی میتۆدو تیورەکانی خۆیان باسیان لێکردووە. بەڵام شاعیرو چیرۆکنووس و نووسەران بەجۆرێکی تر ئاوڕیان لێ داوەتەوە مامەڵەکانیان جیاوازە لەگەڵ مێژوونووسەکان(٢٣)لەم بەیتەدا، گۆران، هەروەك شاعیران و نووسەران: شکسبیر، والتر سکوت، شوقی، عبد الصبور، الشرقاوی(٢٤) پێویستی بەهەموو ڕووداوەکانی مێژوو نییە بەتایبەتی مێژووی ئەزموونی خۆشەویستی پلاتۆنی و چیرۆکەکەی مەجنون، بەڵکو ئەو بەشەی لێ وەرگرتووە کەزیاتر نزیکە لەهەڵچوونەکانی خۆیەوە.
- لەهەمان کاتدا، گۆران لەڕێگەی فرەیزی "مەجنونی حەی" ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئەزموونەکانی مێژوو دووبارە دەبنەوەو هیچ دەسەڵاتێکیش نییە راستی ئەو ئەزموونانە بگۆڕی بەرەو چاکترو باشتر.

## - ئەزموونی کۆمەڵایەتی

بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، یەکێك لەو ئەزموونانەی کەشاعیر زیاتر لەئەزموونەکانی تر پشتی پێ بەستووە ئەزموونی کۆمەڵایەتییە....... شاعیر بەهەستە ناسکەکەی خۆی ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگە نیشان دەکات. ململانێی ئاغاو دەرەبەگو جوتیار، تراجیدیای چینە هەژارو داماوەکان(٢٥) ئەگەر چی گۆران لەتێکڕای شیعرەکانیدا وا نیشانی داوە کەخۆشەویستیکی دیاری کراوی نەبێت هەر وەك خۆی دەڵێت:

لەهەچ باخێك گوڵێکی سورم دیبێ
بۆی چوم هەزار درك لە پێم چەقیبێ(٢٦)

یان:

لە پڕ نازانم چۆن سەرم هەڵبڕی
بەرامبەرم بەژنێك دەرکەوت وەك پەری(٢٧)

یان:

زۆر قژی زەرد سەرنجی ڕاكێشاوم

زۆر چاوی شین داویە پرشنگ لەچاوم( ٢٨ )

بەڵام لەهەندێ شیعری تریدا ئەو پەیوەندییەی خۆشەویستیو دڵدارییە بەدەر دەكەوێتو ئەنجامەكەشی ئێشو ئازارو حەسرەت بووە، هەروەك لەبەیتەكەی خۆیدا دەردەكەوێت كەدەڵێت:

لەتاوی فیرقەتی یارم...

خۆ ئەگەر وەها نەبێت ئەوا شاعیر بۆ لەتاوی فیرقەتو دابڕانی یار دڵی دائیم پەریشان ئەبێتو وەكو مەجنونیش ویلی كەژو دەشتو بیابان بێت.

## - *ئەزموونی ئەندێشەیی*

- *ئەم ئەزموونە پشت بەهێزی ئەندێشەی شاعیر خۆی دەبەستێتو ئەندێشەیەكی ڕابردوو دەبەستێتەوە بەڕاستییەكی سەردەم.( ٣٣ )*
- *فەزای ئەندێشەی گۆران لەم بەیتەدا بەزەقی دیارە لەكاتێكدا لەڕێگەی ئەندێشەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕابردوو كە پڕبووە لەدژایەتیو ململانێو زەوتكردن.( ٣٤ )*
- *ئەندێشە لێرەدا، ڕۆڵی مێژوونووسێكی بۆ شاعیر بینیوەو شاعیریش، بەپێی گریمان، چۆتە نێو ئەو سەردەمو ئەندێشەیەوە بەو بەڵگەیەی چەوتیو هەڵەكانی ڕاست بكاتەوە.. بەڵام، هەروەك لەپێشەوە باسمان كرد، هێزو كەسایەتیو توانای شاعیر بەرامبەر بوو بەمەجنون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كەئەم ئەزموونە بۆ جارێكی تر لە فەزایەكی جیاوازی تردا هەرەس دێنێو ئامۆژگاری شاعیریش ئەوەیە كەئەم ئەزموونە، هەمیشە، لەدووبارەدا دەژی وەك دەڵێت:*
- *وەكو مەجنونی حەی ...*

## *ئەنجام*

لەم لێكۆڵینەوەیەدا گەیشتوینەتە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

- دەتوانرێت بەبچوكترین یەكەی شیعری كاری ڕەخنەیی بەشێوەیەی گشتیو بونیادگەریو دوای بونیادگەری ئەنجام بدرێت.
- بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ پەرچدانەوەی ڕەخنەگرانی كورد كەوای بۆ چوون گۆران لەسەرەتای ئەزموونی شعیردا لاسایی شاعیرانی پێش خۆی كردبێتەوە. بەڵام ڕاستییەكەی ئەوەیە كە شاعیر هەر لەسەرەتاوە شێوازو سەلیقەو بەهرەو داهێنانو توانای خۆی هەبووە كەتوانیویێتی جودای بكاتەوە لەشاعیرانی تر.
- بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ، ئەوەمان بۆ دەسەلمێ كە گۆران، پێش پەیوەندی كردن بە ئەدەبیاتو كلتووری بێگانە بەتایبەتی توركیو ئینگلیزی، خاوەن هێزو تواناو داهێنانی خۆی بووە.
- شاعیر وەك هونەرمەندێكی شێوەكاری، مامەڵەی لەگەڵ كۆمەڵێ ڕێبازو ئەزموونو هونەردا كردووەو توانیویەتی هەموو ئەو بابەتانە بخاتە نێو كەوانەو بازنەی تەنها یەك بەیتو تابلۆوە كە پانۆرامای ئێشو ئازارەكانی خودی شاعیرو چینەكەیەتی..

- بەیتە شیعرەکە سەرەتای ئەزموونی خۆشەویستی راستەقینەی شاعیرەو پەیوەندییەکی رۆحی‌و جەستەیی‌و کاتی لەگەڵ چەند سات‌و کات‌و شیعرێکی تردا هەیە بەتایبەت شیعری (( بوکێکی ناگام )).

## پەراوێزەکان

١- ولیم رای: ١٠٦

٢- ستیفن سبندر ١١٥، صلاح فضل: ٤٢١

٣- ادیث کیر زویل: ٢٥٨، ٢٥٩، ٢٦٧

٤- ولیم رای: ١٠٣-١٠٦

٥- عبدالغفار مکاوي: ٣٠-٧٠

٦- دیوان گۆران: ٥٤١، رفیق حلمی: ١٥١

٧- دیوانی گۆران: ٥٤١

٨- بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:

٩- - عبدالمنعم محمد حسنين: نظامي الكنجوى شاعير الفضيلة - الطبعة الاولى - مكتبة الخانضى/ مصر ١٩٥٤

١٠- محمد غنيمي هلال: الحياة العاطفية بين العذرية و الصوفية -دار نهضة مصر/ القاهرة ١٩٧٦

- عزالدين مصطفى رسول: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فولکلوری کوردی
- حسين مجيب المصري: في الادب العربي والتركي/ مصر ١٩٦٢.
- محمد امين هەورامانی: دەباغیان، لەیلی‌و مەجنون/ بغداد ١٩٨٥.

١١- محمد الناصر العجيمي: ٢٦-٢٧

١٢- ادیث کیر زویل: ٢٥٨، نبیل راغب: ١٣٢

١٣- جوزيف ميشال شريم: ١٣، عبدالجبار المطلبي: ٢٠٦-٢٠٧

١٤- The Norton Anthology: 2137

١٥- تمام حسان: ١٣٣

١٦- A Dictionary of Literary Terms: 372-375

١٧- ظاهر لطيف كريم: ٩٥-٩٩

١٨- محمد حربي حسن: ٨٤

١٩- هەمان سەرچاوە: ٨٣

٢٠- شاكر نوري: ٢٢

٢١- رنيبة ويلن: ٣٩٦-٣٩٧

٢٢- وليم راى: ١٦٢

٢٣- هلال: ٣٨٣، عبدالحي دياب: ٣٦٨-٣٧١-٣٧٨

٢٤- عزالدين اسماعيل: ١٣٩-١٤٤

٢٥- جاستون باشلار: ٢٤١، عماد حاتم ١٦٠

٢٦- سالم احمد الحمداني: ٤٠

٢٧- عزالدين مصطفى رسول: ٨٨-٨٩-٩٦

٢٨- دیوانی طۆران: ٤٨

٢٩- دیوانی گۆران: ٣٤

٣٠- دیوانی گۆران: ٤٧

٣١- دیوانی گۆران: ١٥

٣٢- دیوانی گۆران: ١٧-١٨

٣٣- دیوانی گۆران: ٢٩-٣٠

٣٤- دیوانی گۆران: ٥٧-٥٨

٣٥- منلدور: ١٥

٣٦- حنا الفاخوري: ٢٤٤-٢٦٩

## سەرچاوەكان


١- اديث كيد وزيل، عصر البنيوية ليفي شتراوس الى فوكو ترجمة جابر عصفور، دار آفاق عربية ١٩٨٥.

٢- تمام حسان، مناهج البحث في اللغة، الطبعة الثانية ١٩٧٩.

٣- حنا الفاخوري، تأريخ الأدب العربي- الطبعة السادسة
المكتبة البولسة، بيروت.

٤- جاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمة غالب هلسا، كتاب الاقلام، دار الحرية للطباعة -بغداد ١٩٨٠.

٥- جوزيف ميشال شريم، دليل الدراسات الاسلوبية، المؤسسة الجامعة للدراسات والنشر / بيروت ١٩٨٤.

٦- رينية ويلك، مفاهيم نقلية، ترجمة محمد عصفور/ الكويت ١٩٨٧.

٧- سالم احمد الحمداني، مذاهب الادب الغربي ومظاهرها في الادب العربي الحديث/ مطبعة التعليم العالي/ موصل ١٩٨٩.

٨- شاكر نوري، نظرية الاغتراب في الفلسفة الماركسية، مجلة الثقافة العدد ١٩٧٣/٤

٩- صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الادبي، دار الشؤون الثقافية العامة/ بغداد ١٩٨٧

١٠- عبدالحي دياب، العقاد ناقدا، القاهرة ١٩٦٥

١١- عبدالجبار المطلبي، المواقف في الادب والنقد، دار الحرية للطباعة والنشر/ بغداد ١٩٨٠

١٢- عبدالغفار مكاوي، التعبيرية في الشعر والقصة والمسرح، الهيئة المصرية العامة، القاهرة ١٩٧١.

١٣- عزالدين اسماعيل، الادب وفنونه الطبعة الخامسة، القاهرة ١٩٧٢.

١٤- عزالدين مصطفى رسول، الواقعية في الادب الكردي، دار المكتبة العصرية / بيروت ١٩٦٦

١٥- عماد حاتم، مدخل الى تأريخ الاداب الاوربية، تونس ١٩٧٩.

١٦- گۆران، دیوان گۆران بەرگی یەکەم، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق/ بەغداد ١٩٨٠.

١٧- محمد حربي حسن، اهم المشاكل العمالية في مصانع بغداد.
( رسالة ماجستر/ كلية الاداب/ جامعة بغداد ١٩٧٤).

١٨- محمد غنيمي هلال، النقد الادبي الحديث/ بيروت ١٩٨٧.

١٩- محمد الناصر العجيمي، في الخطاب السردي نظرية قريماس الدار العربية للكتاب ١٩٩٣.

٢٠- وليم راى، المعنى الادبي، من الظاهرانية الى التفكيكية، ترجمة يوئيل يوسف عزيز، دار المأمون ١٩٨٧.

٢١- نبيل راغب، المذاهب الادبية الكبرى من الكلاسكية الى العبثية/ الهينة المصرية العامة لكتاب ١٩٧٧.

*22- Dahir Latif Karim, A Comparatiue study of Free Verse in Arabic and Kurdish:*
*The literary careers of al-Sayyab and Goran Thesis Submitted for the degree of ph.D in the faculty of Arts in the university of Glasgow, 1985.*
*23- J.A. Cuddon, A Dictionary of literary terms, Great Britain 1979.*
*24- Stephen Spenar, The Greative process.*
*25- W.Wnorton, The Norton Anthology English literature, vol. 2, sixth Edition.*

## پوختە

ئەم لێكۆڵینەوەیە، كە بۆ یەكەم جارە لەئەدەبی كوردیدا پشتی بە تیۆری دوای بونیادگەری بەستووە، هەوڵێكە بۆ دەست نیشان كردنی داهێنان و تواناو هێزی گۆران هەر لەسەرەتای ئەزموونی شیعرییەوە، شاعیر لەرێگەی تەنها یەك بەیتی شیعرییەوە توانیوویەتی بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ، مامەلە لەگەڵ چەندین بابەتدا بكات وەك ریبازی رۆمانسی و لیریكی و هونەری چیرۆك و دراماو تیۆری هاوتاكردن و ئەزموونی ئەدەبی و كۆمەلایەتی و مێژوویی و ئەندیشەیی.

## الخلاصه

ان هذه الدراسة، التي هي الاولى في الادب الكردي تعتمد على نظرية مابعد البنيوية، هي محاولة لتحليد عبقرية ء وابداع وقوة گوران الشعرية، الشاعر خلال بيت شعري واحد استطاع، بطريقة غير مباشرة، ان يتعامل مع مجموعة من الموضوعات كالمذهب الرومانسي والوجداني والفن القصصي والمسرحي نظرية التوزان والتجربة الادبية والاجتماعية والتاريخية والخيالية.

## Abestract

***This study comprises the first attempt to examine the theory of post-structuralism in Kurdish literature, and at the same time, Goran's creative ability and stength. Goran, throgh only one verse, could deal, indirectly, many aspects such as: Romantism, Lyricism, the arts of narrative and drama, equlization (balauce of power), literary, social, historical and imagination experiments***